بەناوی کوردستانی گەورە
ح.س.سۆران
soransa@hotmail.com

تاران – ٢٧٠٨ /٦/٧

## جوولەکەکانی ناوچەی بۆکان

بەر لە گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ وڵاتی ئیسڕائیل ، ناوچەی بۆکان زۆری جوولەکە لێ بو . ئەم جوولەکانە زۆر لە مێژ بو هەر لەم مەڵبەندە دەژیان و بە چەشنێک خۆیان بە کورد دەزانی . ئەو کاتە بۆکان هێندە کە جوولەکەی لێ بو ، ئەوەندە ئازەری ، ئاسۆری و ئەرەمنی لێ نەبو . رەنگە هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ،کە شارەدێی بۆکان ، وەک کارگ هەڵتوقی و بو بە شار .

بێجگە لە بۆکان ، زوربەی ئاواییاکانی ناوچەکەش جوولەکەی لێ بو ، کە بڕێکیان ئەمانە بوون :
١- شاریکەند .
٢- قەرەکەند .
٣- تازەقەڵا .
٤- یەنگیکەند .
٥- تیکانتەپە .
٦- زۆر جێی دیکەش .

جوولەکاکانی ناوچەی بۆکان ، بە دەگمەن کاری کشت وکاڵ ، ئاژەڵداری و کاری دژوار و چەتوونانیان دەکرد . زۆرتریان یا دووکاندار بوون یا خەریکی ساتوسەودا بوون ، یا زێرینگەر، پیشەساز و شتی وا . هێندێکیشیان خومگەر بوون و بەنیان رەنگ دەکرد( کە بە کارێکی کیمیایی دا دەنرێ ) ، بڕێکیشیان خواردنەوەی ئەلکۆلیان بۆ فرۆش دروست دەکرد، هێندێکیشیان خەریکی کاری هۆنەری بوون ، بۆ وێنە وەستا سیمەن دەهۆڵ کوت بو و عەزیزە جو ، زۆڕنا ژەن و لە شاییەکاندا باشترین دەهۆڵ و زوڕنای کوردیان لی دەدا بە تایبەت هەوای "سەحەری"، ئەم دو نەفەرە خەڵکی ئاوایی یەنگیکەند بوون ، تا جێگەیەک من دەزانم ، بەداخەوە وەستا عەزیزلە ئیسڕائیل مردوە ، بەڵام سیمەن تا ئەم بەینانە لە تێلئەڤیف دەژیا . ئێستاش " دانیەل بۆکانی " ، لە ئیسڕائیل ، یەکێک لە گۆرانی وێژە سەرکەتو و ناسراوەکانی ئەوییە ، کە گۆرانیەکانی ماموەستا حەسەن زیرەکیش زۆر باش دەڵێتەوە . لەم ساڵانە دا ، دانیەل زۆر پەیوەندی لەگەڵ من دەگرت، کە خزمەکانی ناوچەی بۆ بدۆزمەوە ، هاواری دەچوە ئاسمانی حەوتەم . بەڵام کەس پرکێشی نەکەرد هاوکاری بکا و ئەم کارە مرۆڤدۆستانەیە ئەنجام بدا ،چون پێیان وابو رەنگە بۆ پەز و رەشەوڵاغ و شت و مت زەرەری هەبێ . بە کورتی ، کاک وەستا دانیەل هێشتا هەر چاوەڕوانە خزمەکانی لە ناوچەی بۆکان بدۆزێتەوە .

لە ناوچەی بۆکان . خاوەن مڵکی( خاوەن ئاوایی) جوولەکە نەبو . بەڵام هێندێکیان کاری پزیشکی و داو و دەرمانیان دەکرد ، وەک حەکیم سمایل ، کە لە ناوچەی سەقزەوە دەهات بۆ بۆکان ، وا بزانم دوکتور پەڕهامی سەقز، منداڵی ئەو بو . بە گشتی ، زۆر لە جوولەکەکان ، ئەم فەلسەفەیان هەیە، کە مرۆڤ دەبێ بە هۆی پارە ، پارە دەربهێنێ ، نەک بە ئارەق رشتن و کاری پڕ چەرمەسەرێ و قورس .

زۆر لە جوولەکەکانی ناوچەی بۆکان ، لە ژێر تەشەنە و وەلاخستنی ئایینی عارەب ریشە دا، هەرچۆن بو دەبوون بە موسوڵمان و بەمانەیان دەوت " نۆ موسوڵمان " ، واتە نوێ موسوڵمان . ئەم جوولەکانەی ناوچەی بۆکان ، زمانی کوردیان بە چەشنی زگماک دەزانی ، هێندێکیان تەنیا لە دەربڕینی وشە دا ، نەختە تۆفیرێکیان بو ، کە زۆرتر پیتی ( ر) ی لەڕیان دەکرد بە پیتی (ڕ)ی قەڵەو یا پیتی ( ز) یان دەکرد بە ( ذ) ی عیبری . جوولەکەکان زۆرتر سپیاڵی کوردیان لەبەر دەکرد و وەک کورد هەڵ دەپەڕین ، بەڵام بۆخۆیان هێندێک جەژنی ئایینی و نەتەوەییان بو، وەک " کەپرە شینە " ، کە لە هاوین دا بو ، جارجار تەقیلەی ئایینیشیان لەسەر دەکرد . رۆژی پشوی جوولەکانی بۆکان ، وەک زوربەی جوولەکەکانی جیهان ، شەممە بو ، بەڵام رۆژی هەینیش هەر پشویان دەگرت و جەژنە کوردیەکانیشیان بە دڵوناو بەڕێوە دەبرد . زۆر بە ئازادیش رێورەسمی ئایینی خۆیان بەرپا دەکرد و بە کورتی خەڵک زۆری خۆش دەویستن . دەڵێن کوڕێکی کورد ، لەگەڵ کوڕێکی جوولەکە هاواڵ بوون ، شەوانە کە دەچوونە شەوگەڕی لاوی ،دڵیان نەدەهات یەک بەجێ بهێڵن ، هەر ئەم ئەوی بەرێ دەکرد تا دەم ماڵەکەیان و ئەو دیسان دڵی نەدەهات ، لەم جوێ بێتەوە و دیسان لەگەڵی ، دەهاتەوە و هێندە هاتو چۆیان دەکرد ، تا رۆژ دەبوە و جا هەر دو دەچوون لەماڵی خۆیان دەخەوتن . بریا جوولەکەکان ، ئێستاش لەگەڵ کوردەکانی باکوور ، هەر وا بوایەن !!!

بەڵام بە گشتی ، پەیوەندی و هەڵس و کەوتی کوردی ئەم دیو لە گەڵ جوولەکەکان ، زۆر باشتر بو لە هی عەجەمەکان لە تەکیان دا . کەسێک بۆ منی گێڕاوە ، کە بۆ دەرمانی چاوم ، بەر لە ساڵی ١٣٥٧ ، چوومە ئیسرائیل . دەستێک لیباسی کوردیم لە گەڵ خۆم بردبو ، کردمە بەرم و لە دەرەوە، بەوەوە دەگەڕام . هێندەم کوردی جوولەکە لێ کۆ بوەو ، هەر مەپرسە . هاتن لە هۆتێلەوە بردمیان بۆ ماڵی خۆیان و ئەو بەینە میواندارییەکی وا گەرمیان لێ کردم ، کە قەت لە بیرم ناچێ . تەنانەت پارەی دوکتور و شتیشیان لێ وەرنەگرتم و چاوەکەشم ، کە لە هیچ وڵاتێکی جیهان چارەنەکرابو ، نەشتەرگەری کرد و چاکیان کردەوە .

هیچ ژنێکی کورد لە ڕوانگەی ئایینیەوە ، شووی بە نێرینەی جوولەکە نەدەکرد ، مەگەر بە دەگمەن پیاوەکە موسوڵمان ببوایە ، بەڵام زۆر لە ئافرەتە جوولەکەکان ، پاش ئەوەی کە موسوڵمان دەبوون ، دەیانتوانی شو بە کوردەکان بکەن . ئافرەتە جوولەکەکان ، بە چەشنی گشتی کەیبانو و جوان بوون ، هەر لەبەر ئەمە زۆر کەس ژنی جوولەکەی دەهێنا . بە ناباونگترین ئافرەتی جوانی جوولەکەی ناوچەی بۆکان خاتو "کەنیلە " بو ، کە خەڵکی ئاوایی شاریکەند بو و باسی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش دا هەیە .

تەنانەت ئاغا ، مەلا و شێخەکانیش ژنی جوولەکەیان دەهێنا ،هەر لەبەر ئەمە زۆر لە خەڵکی بۆکان و ناوچەکە ، لە دایکەوە جوولەکەن و ئەمانە هی زۆر شیاو و هەڵکەوتووشیان تێ دایە ، کە رەنگە بە هۆی ژێنی جوولەکەکانەوە بێ . زۆر لەوانەی کە لەپاشان لە ناوچەی بۆکان مرۆڤی سەرکەوتویان لێ پەیدا بو ، لە دایکەوە جوولەکە بوون . لە بۆکان ، زوربەی سامان دارەکان ، جوولەکە بوون و ببوە قسەی نەستەق ، ئەگەر کەسێک زۆر لە باری ئابووریەوە ساز و تەیار بوایە ، دەیانوت " بە قەت جوویەکی هەیە" .

ناوی جوولەکەکانی ناوچەی بۆکان یا ئایینی کەلیمی و عیبری بو ، وەک " سیمەن = سیمۆن " یا کوردی بو وەک " کەنیلە " ، بە دەگمەن ناوی ئیسلامیان لەخۆیان دەنا . جوولەکە نێرینەکان ، زۆرتر بۆ پیاو دو ناسناو (لەقەب) یان بو : "وەستا" یا "میرزا" ، ئافرەتە کانیش ، وەک ئافرەتی کورد بانگیان لێ دەکردن ، بۆ وێنە " خاتو کەنیلە" .

ئێستاش بە هۆی زانستی خەلک ناسیەوە دەتوانین ، زۆر لەو بنەماڵانەی جوولەکە ، کە موسوڵمان بوون ، بناسینەوە . چون ئەم بنە ماڵانە رەنگە هێندێکیان ناسناوی ریشەی عیبریان بۆ خۆیان هەڵ بژاردبێ ، وەک : ئەلیاسی ، ئیسحاقی و بەنی یەعقووب و لەم چەشنە ناوانە .

هەر چۆن بێ ، کە بریار درا هەر چی جۆولەکەی جیهانە بچنەوە بۆ وڵاتی ئیسرائیل ، تەواوی ئەو جوولەکانەی ناوچەی بۆکانیش کە موسۆڵمان نەببون ، ماڵ و سامانی خۆیان وەک هەراج فرۆشت و رۆیشتنەوە بۆ ئیسرائیل و تاقە جوولەکەیەک ،لە ناوچەی بۆکان نەما ، مەگەر جوولەکە نۆموسوڵمانەکان . بەڵام زۆر لە جوولەکەکانی شارەکانی دیکەی رۆژ هەڵات نەچوونەوە ، وەک سنە و کرماشان ، کە ئێستاش بریێکیان هەر لەوێ ماون .

توانجێک لە ناوچەی بۆکان و رەنگە برێک ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەبارەت بە جوولەکەکان هەیە، کە دەڵێ " هێندە ترسەنۆکە وەک جوولەکە وایە " ، بەڵام ئایا پێتان وایە ، ئەم تەوس و توانجە راست بێ ؟؟؟ ئەوان بەحەشیمەت دە لەسەدی گەلی کورد نابن ، کەچی یا بە یارمەتی ئامریکا یا هەرچۆن ، ماڵ و حاڵێکیان لە نێو ئەو گشتە عارەبە نەیار و دژەدا ، بۆ خۆیان دروست کردوە ، بەڵام ئێمە هێشتا لە هەزارەی سێش دا ، هەر ئاو لە ئاونگ دا دەکوتین و بووین بە ١٠٠ لەت وکوتەوە ...

## وەستا حەکە ! خۆزگەم بە خۆت ...

- وەستا حەکە ، ئەی دۆستی کاتی منداڵیم ،لفی دەورەی کرچ و کاڵیم ! وا بزانم لەبیرت دێ ، لە ئێران بوی ،تۆش خەڵکی شاری ویران بوی ، وەك دو منداڵ ، لەگەڵ یەکدا بوینە هاوال . بێ دەگەشە و گزە و دەۆ ، بوومە رەفیق من لەگەڵ تۆ ؟
- یەکێ کورد و یەکما جو بوین ، دەرد مان یەك و ، خۆمان دو بوین .
- لەبیرت دێ رۆژی باران ، کاتی بەفر و تەرزە و بۆران ، نەتدەوێرا بێیتە شەقام ؟ دەیانوت " جوولەکەی گلاو "، کاتێ تەڕ بوی ،{ تۆ نەجیسی } ، ناخاوینی، تەڕ و پیسی ، ئەگەر بێتو لێمان کەوی ، دین و مینمان دەکەی نەوی ! ؟"
- لە بیرت دێ ، وەستا حەکە ! نازناوی تۆ هەر " جوی سەگ بو " ، کەسایەتیان ورد ئەکردی ، بەهانەیان پێ ئەگرتی ، وەك من لە ناویان ئەبردی ؟
- لە بیرت دێ وەستا حەکە ، خۆشەویستی دەورەی جوانیم ، ئەی هاواڵی گیانیگیانیم ، لە کۆڵان و شەقامی شار ، لێت کۆ دەبوون هەزار ، هەزار ؛ خەڵکی هار و هەرزە و بێعار . دەیانکردی بەردەبارن ، بەرد ئەباری وەکو باران ، غەرق و شەڵاڵی خوێن دەبوی ، سێرەی هەزاران جوێن دەبوی .

- وەستا حەکە ، ئەی جوولەکەی زانای هەژار، ئەی تێکۆشەر ، ئەی سەنعەتگەر ، ئەی پسپۆڕی هەزارن کار ، تۆ کە رۆیی بەرەو زێدت ، گەیشتیە کابەی هومێدت ، خوت رزگار کرد لە جەور و غەم ، چویتە مەڵبەندی ئازادی ، لەکۆشت گرت پەری شادی! .

- وەستا حەکە ! ،من سوێند ئەخۆم بە کێوی توور ، بە شالۆم و بە بزەی نوور ،سوێند بە ئەزمەر، سۆێند بە شاهۆ ، سوێند بە بەهەشتی من و تۆ ، کورد م خراپترم لە جو، تێم دەڕوانن چەشنی ئێوە - وەك کاتی زو ، وەك کاتی زو ، وەك کاتی زو ... وەستا حەکە !خۆزگەم بە خۆت .

- جا،بۆیە دەڵێم :

تاکو چارەی خۆ نەنووسم ، ماڵێ سەربەستم نەبێ
باسی ئەنفال و حەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم
بەینی بەستووین وەکو سەد ، تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخان ی تیغەی دووهەمی بێڕلین ئەکەم
چونکە ئەجدادم لە خەودا، ژینی خۆیان بردە سەر
حەسرەتی بەیداغی کورد و پەرچەمی رەنگین ئەکەم